# ئەگەری پاشەکشەی هێزەکەنی ئەمەریکا
# و دڵەڕاوکێکانی ئاینده..

**دارا مەحمود**
darachimen@hotmail.com

ماوەیەکە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەرپرسان و چاوەدێرانی سیاسی باس لە پاشەکشەپێکردنی هێزەنیزامییەکانی ئەمەریکا لەعیراق دەکەن و ئەگەری وەها پێشهاتێکیش زۆر خەڵکی نیگەران و دووچاری مەترسی و دڵە ڕاوکێی ئاینده کردووە. و بێگومان تەواوی ئەو هەست بەمەترسی و دڵە ڕاوکێیانەش لەجێگای خۆیاندان. بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان و لەهەمان کاتدا بێهیواییە لێدوانەکانی بەرپرسانی حزبی و حکومی دەسەڵاتی سیاسی باشووری کوردستانە، کەلەوەڵامی ئەوهەموو پرسیارە کەڵەکەبووانەدا تەنیا دوو دەستەواژەی ئامادە پێشکەش دەکەن کە یەکەمیان/ ئەمەریکا پاشەکشەناکات. دووەمیشیان/ ئەگەر پاشەکشەش بکات تا هەڵبژاردنەکانی ئایندەی ئەو وڵاتە وەها پێشهاتێک ڕوونادات...

ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەمجۆرە لەبەرانبەر ئەگەرێکی ئاوا گرنگ و مەترسیداردا تەنیا دوو واتا دەگەیەنێ: یەکەم/ لەکۆڵکردنەوەی گرفتەکان و خۆدانە دەست قەدەر. دووەم/ خوێندنەوەیەکی هەڵەی ڕووداوەکان و ڕەهاکردنی ئەگەرەکان.

ئەوەی لەمڕووەوە دەکرێ هەرکەس و لایەنێک دووچاری هەڵبکات ئەمەیە کاتێک باس لەپاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەین بە پێچەوانەوە دۆخ و قەیرانەکە هەڵدەسەنگێنین. ئەم پێچەوانەیەش لەوەدایە کە تەنیا یەک لایەن کەئەمەریکایە لەبەرچاودەگرین و خۆلەو ڕاستییە دەبوێرین کە ئەوە تەنیا ئەمەریکا نییە بڕیاری پاشەکشەکرن یان نەکردن دەردەکات. بەڵکو واقیع و قەیرانێکە ئەمەریکا ناچاری وەها کارێک دەکات.

ڕاستە ئەمەریکا بۆیە نەهات تا تەنیا ڕژێمێک بڕوخێنێت و بڕواتەوە. بەڵکو بۆئەوەهات تاخاکی عیراق بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بکاتە پێگەیەک و لەمیانییەوە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتە ژێر کۆنترۆڵ. و ئێستاش کەئەم ستراتیژە بۆتە تاکتیک و ماوەی مانەوەی هێزەکان لە دەیانساڵەوە هاتۆتە سەر ساڵ و دووساڵ بەم واتایە نییە کە پەشیمان بۆتەوە بەڵکو پەشیمان کراوەتەوە..!

لەڕاستیدا ئەوەی گرنگەو جێگای تێڕامان، و لەهامان کاتدا جێگای پرسیارە، پێویست نییە ئەمەبێ کە ئایا هێزەکانی ئەمەریکا پاشەکشەدەکەن یان نا. و ئەگەر پاشەکشەیان کرد چی ڕوودەدات..! بەڵکو پێویستە ئەمەبێت کە کورد چی بکات تا ئایندەی خۆی بەوجۆرەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەیخوازێت، مسۆگەر بکات و چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر دەسەڵاتە سیاسییەکەی و ئەو بەرنامەو ئامادەکارییانە چین کەبۆ دوورخستنەوەی چارەنووسی کورد لەمەترسی پێویست بە لەبەرچاوگرتنن.

دەسەڵاتی سیاسی کورد ئەمڕۆ تەواوی چارەنووسی خۆی بەهەڤاڵبەندی ئەمەریکاوە بەستۆتەوەو لەدەرەوەی ئەمە ئامادەکارییەکی تری نییە.

ڕاستە هەڤاڵبەندی، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمڕۆدا گرنگ و حاشا هەڵنەگرە. بەڵام دەبێ ئەو ئەگەرەش لەبیر نەکەین کائاست و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەهەڤاڵبەندی مەرج نییە هەمیشە بەکەیفی ئێمەبن. و کاتێک بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزانەی لایەنەکەی تری هەڤاڵبەندیمان (بەتایبەتیش کە ئەو لایەنە

ئەمەریکا بێت)، بکەوێتە مەترسییەوە، لەبیرکردنی ئەو هەڤاڵبەندییەو تەواوی پەیمان و بەڵێنەکان، بەلایانەوە لە ئاوخواردنەوە ئاسانترە.

پاشەکشەپێکردنی هێزەنیزامییەکانی ئەمەریکاو یانیش هەرپێشهاتێکی تری چاوەڕواننەکراو دەتوانێ بۆ کورد بەم حاڵ و وەزعەیەوە کەهەیەتی کارەساتی یەکجار گەورەی بەدواوەبێت.

پێشمەرگە، لە هێزێکی شەڕکەرو قارەمانەوە، بۆتە هێزێکی پاسیف. کەئەرکی زۆربەی هەرەزۆریان بۆتە دەوڵەمەند بوون و خڕکردنەوەی سامان.

گەندەڵی وەک کرم بەربۆتە جەستەی درەختی کۆمەڵگاو ڕەشەبایەکی سیاسی دەتوانێ ئەو درەختە لە ڕیشەوە دەرکێشێت.

کێشەی کەرکوک لەمەترسییەکی جدی دایەو کێشەکانی عیراق و هێزە هاپەیمانەکان هێندە گەورەن کە دەتوانن کەرکوک لەبیر بەرنەوەو بەدابەشبوونی عیراقیش بەسەر سێ یان چەند پارچەدا. بچوکترین زەمانەتێک نییە کە کەرکوک بگەڕێتەوە سەر کوردستان..

هەڕەشەکانی تورکیاو ئێران جدین و لەبەرانبەر هەر هێرش و پەلاماردانێکیاندا بەربەستێکیان لەبەردەمدانابێ...

چارەسەری ئەم وەزعە، وەخۆکەوتنێکی هەمەلایەنەی گەرەکە. کەئەرکی هەرەسەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی.

ئەوەی کە لەتوانایدا هەیە خواستی هەرنەتەوەیەک بهێنێتە دی، سەروەریەکانی بپارێزێت و لەمەترسی و قەیرانە بچوک و گەورەکان دەربازی کات هێزی موعجیزەئاسای خەڵکە. ئەوەش کەتەنگی بە هێزی نیزامی و جبەخانەی مۆدێرنی نیزامی وڵاتێکی وەک ئەمەریکا هەڵچنیوە هەر خەڵکە، نەک چەند هەزار چەکداری تێرۆریست. ڕاستە ئەو خواستە لە تێرۆرداو بەشێوازێکی نامرۆڤانەو پاشڤەڕۆیانە بەرجەستە دەبێت، بەڵام ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە هیچ هێزێکی چەکدار باش یان خراپ بە بێ پشتیوانی خەڵک لە کۆمەکی گیانی و ماڵی، ولۆژستیکی ناتوانێ بەوجۆرە خۆبەسەرپێوە ڕابگرێت کە ئەوان لەبەرانبەر ئەمەریکادا سەلماندوویانە.

ئەوان جەماوەرێکی بەرفراوان پاڵپشتیانەو سوودوەرگرتن لەوپاڵپشتییە لەڕێگایەکی نامرۆڤانەو بەشێوازێکی هۆڤانە بەڕێوەبچێت. و خەڵکی کوردیش ئامادەیە پشتیوانی دەسەڵاتێک بێت کەدەسەڵاتی خەڵک و بۆخەڵک بێ و خواست و مافەکانیان دەستەبەربکات و لەبەرانبەر مەترسییە دەرەکییەکان لەژێر فەرمانی ئەو دەسەڵاتەدا قوربانی بدات.

بەداخێکی زۆرەوە دەسەڵاتی سیاسی کورد دەمێکە خەریکی ڕووخاندنی پردی نێوان خۆی و بنکەی بەرفراوانی خەڵک و جەماوەرەو و هێندەی نەماوە ئەوپردە کەبەداوەدەزوویەکەوە بەندە بەیەکجاری دابڕمێت و هەمووشمان باجەکەی بدەین. گەرچی هێشتا بوارێکی بەرتەسک بۆ چاککردنەوەو لەسەرەوەڕا بنیاتنانەوەی ئەو پەیوەندییە لە ئارادایە بەڵام لەمڕووەوە جگە لەتروسکە هیوایەکی لاواز شتێکی تر بەدی ناکرێت.

www.daramahmud.blogspot.com

29/10/2006